## 1

بۆ ڕای گشتی

هەر لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە رۆژهەڵاتی ناوین، بەتایبەتیش میزۆپۆتامیا بۆتە مەڵبەند و لانکەی دەرکەوتنی شارستانییەت. بۆ یەکەمین جار کولتووری ئازادی و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان لەسەر ئەم خاکە چەکەرەی کرد، کۆڵەکە و ستوونەکانی دانا و بە مرۆڤایەتی ناساند، لە هەموو بوارەکاندا خزمەتی شارستانییەتی کرد، بووە چاوگی دەرکەوتنی ئایینە ئاسمانییەکان. بە درێژایی هەزاران ساڵ بووە ناوەندی شارستانییەت و جێی سەرنج راکێشانی هەموو ناوچەکانی دیکەی جیهان، بەڵام لەبەر ئەوەی لە گەوهەری رەسەنی خۆی دوور کەوتەوە، خۆدووبارە کردنەوە و دۆگما و قاڵبە پاشڤەرۆکانی تێپەڕ نەکرد و گۆڕانکاری و ریفۆرم و رێنسانسی پێویستی ئەنجام نەدا. لە جیاتی ئەو، رۆژئاوا ئەم هەنگاوانەی هاوێشت و لەسەر بنەمای ئەو توانستانەی رۆژهەڵاتی ناوین پێشکەشی کردبوو، وەرچەرخان و هەڵمەتێکی رۆشنگەری هەمەلایەنەی ئەنجامدا. بەمرەنگە پێشەنگایەتی لەدەست رۆژهەڵاتی ناوین دەرکەوت و رۆژئاوا بووە ناوەندی جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین بەرەو قۆناخی پوکانەوە و رزین چوو.

بە درێژایی چەندین سەدە پاشڤەرۆیی و دواکەوتن وەکو قەدەرێك بە سەر رۆژهەڵاتی ناویندا سەپێنرا. ئەم رەوشە تاوەکو رۆژگاری ئەمرۆمان بەمجۆرە ماوەتەوە. لە نێو تەواوی ئەم سەدانەدا، سەدەی بیستەم مۆرکی خۆی لە مێژوو دا" بووە سەدەیەکی پڕ لە ململانی و شەڕ و پێکداداں" سەدەیەك بوو کە ناکۆکیە چینایەتی و نەتەوەییەکان گەیشتە لوتکە و دوو شەڕی مەزنی جیهانی و چەندین شەڕی دیکەی ورد و درشتی لێکەوتەوە" بووە سەدەی جیهانی دوو جەمسەری و شەڕی سارد. هاوسەنگی نوێ هاتنە ئاراوە، بە گوێرەی ئەمەش دەوڵەت و سیستەمی نوێ دەرکەوتن، سەرلەنوێ نەخشەی سیاسی ناوچەکە دارێژرایەوە، چەندین نەتەوە و وڵات دابەش و پارچە کران" بەتایبەتیش لە رۆژهەڵاتی ناوین چەندین دەوڵەتی نوێ سەریانهەڵدا، پێشکەوتنی ئاسایی و سروشتی رۆژهەڵاتی ناوین لە ئاکامی ناکۆکییە نەتەوەیی ـ ئەتنیکییەکان ئاستەنگ کرا. سەبارەت بە کوردانیش، ئەم سەدەیە لە چارەکی یەکەمدا بە پیلانگێڕییەك دەستپێکرد و رەوشی دابەشکراوی و پارچەبوونی گەلی کورد و کوردستانی کردە واقیعێکی داسەپێنراوی بێچەندوچوون" دواتر درێژە بەم پیلانانە دراو و لە کۆتاییدا گەیشتە لوتکە.

## 2

دوای ئەوەی دەوڵەتی ئێراق وەکو ئاکامێکی شەڕی یەکەمی جیهانی دامەزرێنرا و باشووری کوردستانی پێوە لکێنرا، سیستەمێك لە ئێراق هاتە ئاراوە کە لەسەر بنەمای قۆڵکردنەوەی ناکۆکی مەزهەبی و نەتەوەیی، پێشخرا" ناکۆکی مەزهەبی سوننە ـ شیعەی نێوان عەرەبەکان و ناکۆکی نەتەوەیی نێوان کورد ـ عەرەب قۆڵکرایەوە، دەسەڵات لەدەستی کەمینەیەکی عەرەبی سوننەمەزهەب دابوو کە نوێنەرایەتی گەلانی ئێراقی نەکرد. ئەمەش بە ئامانجی ئەوە بوو کە سیستەم بەردەوام پێویستی بە دەرەوە بێت و زیاتر وابەستەی خۆیانی بکەن. چونکە ئێراق، بە باشووری کوردستانەوە، لە لایەك شوێنگەیەکی جیۆستراتیژی هەیە و دەبێتە پردی بەیەکەوەگرێدانی هەر سێ کیشوەری ئاسیا، ئەوروپا، ئەفریقیا" لە لایەکی دیکەشەوە، لە بواری سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی دەوڵەمەند بوو، کێڵگە نەوتێکی زۆر و زەوەندی لێ دۆزرابۆوە" هەروەها لەبەرئەوەی باڵادەستی لەسەر ئێراق، بە واتای باڵادەستی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوین دێت، هەر بۆیە بووە جێگای سەرنج و چاوچنۆکی و دەستێوەردانەکانی دەرەوە. بە درێژایی زیاتر لە هەشتا ساڵە ئێراق لە نێو گرژی و ململانی و پێکدادان دەژی و ئاشتی و

©KurdistanNet

www.kurdistannet.org
02/04/2002 19:32

ئازادی بەخۆیەوە نەدیوە. هەرچەندە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ هەلومەرج رەخسا بۆ ئەوەی گۆڕانکاری دیموکراتیك لە ئێراق ئەنجام بدرێت و كێشەی كورد بە چارەسەری بگات، بەڵام ئەقڵییەتی نەتەوەپەرستی سەرەتایی كورد، دەستێوەردانەكانی دەرەوە و شۆڤێنیزمی نەتەوەیی عەرب ئەم دەرفەتەیان لەبەین برد. ئێراق چەندین كودەتای یەك بەدوای یەكی بە خۆوە بینی و لە ئەنجامدا سیستەمێكی ئۆتۆكراتی لە ئێراقدا جێگیر بوو. تەواوی گەلانی ئێراق، بە عەرەب و كورد و توركمان و ئاشوریەوە، دووچاری هەمان چارەنووس هاتوون، ئیرادەیان تێكشكێنراوە، وابەستەیی و خۆبەدەستەوەدانیان وەك تاكە بژارێك بەسەردا سەرپێنراوە و بە هیچ شێوەیەك دەرفەتی پێشكەوتینێكی ئازادانەیان پێنەدراوە" بەتایبەتیش گەلی كورد دووچاری جینۆساید و توانەوەی نەتەوەیی و كۆچی زۆرەملێ هاتووە، سیاسەتی بە عەرەب كردنی ناوچە كوردنشینەكان بۆتە رێبازێكی سیستەم. بەرامبەر بەمەش جولانەوەی نەتەوەپەرستی سەرەتایی و نەتەوەپەرستی بۆرژوازی كورد دەركەوتوون. بەڵام جگە لەوەی دەرفەتی چارەسەرییان لەدەست داوە، كێشەكەیان قووڵتر كردۆتەوە و نەیانتوانیوە خۆیان لە نێو بازنەی سیاسەتی هێزە دەرەكییەكان دەربخەن و ئەوانیش، وەكو رژێم، خۆیان دووبارە كردۆتەوە.

3

دوای داگیركردنی كوێت لەلایەن ئێراق و شەڕی دووەمی كەنداو و راپەرینە جەماوەریە شكۆدارەكەی بەهاری ١٩٩١ رەوشێكی نوێ لە ئێراق و باشووری كوردستان هاتە ئاراوە. ئابلۆقەی ئابووری بەسەر ئێراقدا سەپێنرا، رژێم لە كۆمەڵگای نێودەوڵەتی دابڕێنرا و ناوچەیەكی پارێزراو لە باشووری كوردستان راگەیەنرا. لەم دە ساڵەدا كێشە سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی، كولتووری، ئەخلاقی ... هتد لە ئێراقدا گەیشتۆنەتە لوتكە و چاوەڕوانی چارەسەرین. ئێراق رووبەڕووی دووریانێك بۆتەوە" یان ئەوەتا گۆڕانكاری و وەرچەرخانی دیموكراتیك ئەنجام دەدات، یا خود زوو یان درەنگ بەلاوە دەنرێت.

سەرباری ئەوەی ١٠ ساڵە دەرفەتێكی زێڕین لە باشووری كوردستان رەخساوە كە كێشەی كورد بە چارەسەری بگات و ببێتە بناخەی ئێراقێكی دیموكراتیك، بەڵام بەهۆی ئەقڵیەت و كولتووری فیۆدال ـ بۆرژوازی چینی باڵادەستی كورد و چەمك و لۆژیكی نەتەوەپەرستی سەرەتایی و عەشیرەتگەرایی و حیزبایەتی تەسك، نەك تەنیا ئەم دەرفەتە هەڵنەسەنگێنراوە، بەڵكو باشووری كوردستانیان دووچاری پارچە بوون كردووە، شەڕی ناوخۆیان كردۆتە واقیعێكی داسەپێنراو، كێشەكەیان بە هەڵواسراوی هێشتۆتەوە و قووڵتریان كردۆتەوە، دینامیكیەتی كۆمەڵگایان لە پەل و پۆ خستووە و هاوشێوەی رژێم، درێژەیان بە پاوانخوازی داوە و دەرفەتی دیموكراتیزەبوونیان ئیفلیج كردووە، زەمینەیەكی لەباریان بۆ چەواشەكاری ئامادە كردووە. كێشە سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و یاسایی و ... هتد گەیشتۆتە ئاستێكی بەرز و بێچارەیی و بێ باوەڕی و بێ ئۆمێدی بۆتە دیاردەیەك و پێوانە و پرەنیسپە ئەخلاقییەكان ژێرپێ خراوە" ئیتر كوردستان چۆڵ دەكرێت و ژمارەیەكی زۆری دانیشتوان روویان لە هەندەران كردووە. ئەمەش بۆتە مایەی پەرتەوازەیی و، رەوشی پەرتەوازەیی كوردانیش لە نێو ئەو رەوش و هەل و مەرج و گۆڕانكاریانەی كە لە ئارادان، دەبێتە هۆكاری لەدەستدانی ئەم دەرفەتە مێژووییە.

لە رۆژگارێكدا دەژین كە سیستەمی دوو جەمسەری جاران و هاوسەنگییەكانی كۆتاییان پێهاتووە، شۆڕشی زانستی و تەكنۆلۆژی بوونەتە سیمای سەرەكی ئەم سەدەیە و بە چەرخی زانیاری و گەیاندن ناودەبرێت. ئیتر جیهانگیری و شۆڕشی تەكنۆلۆژی، سنوورەكانی دەوڵەتی نەتەوەییان بێ واتا كردووە" سەردەمێكە پێوانە نێونەتەوەییەكانی دیموكراسی و

مافەکانی مرۆڤ دەرکەوتۆتە پێش. سەرلەنوێ جیهان بەرەو بە سیستەم بوون دەچێت. لە رەوشێکی بەمجۆرەدا ئەو سیستەم و دەوڵەتانەی بە گوێرەی هاوسەنگییەکانی رابردوو ئاواکراون، گۆڕانیان بۆتە ناچاریەك.

4

رۆژهەڵاتی ناوین بە گشتی و ئێراق بە تایبەتی لە نێو رەوشێکدا دەژی کە لەلایەك لەگەڵ مێژووە دێرین و پڕ لە سەروەریەکەی ناکۆکە و لە راستینەی گەلانی ناوچەکە دوورە" لەلایەکی دیکەدا، لەگەڵ پێوانە هاوچەرخەکانی دیموکراسییەت و سەردەم ناکۆکە. هەربۆیە گۆڕانکاری و وەرچەرخانی دیموکراتیك بۆتە پێویستییەکی ژیانی و تاکە رێگای دەرکەوتنە لەو بنبەستبوونەی لە ئارادیە. ئەمڕۆ رەوشی ئێراق و باشووری کوردستان بە ئاستێك گەیشتووە کە ئیتر بێچارەیی و بە هەڵواسراوەیی مانەوەی کێشەکان پەسند ناکات. لە تەواوی مێژووی ئێراق و بە تایبەتیش ئەم دە ساڵەی دوایی روون بۆتەوە کە ناتوانرێ لەسەر بنەمای نەتەوەپەرستی کێشەکان چارەسەر بکرێت، چونکە نەتەوەپەرستی لایەنە بەرامبەرەکان، گرێکوێرە دەخاتە سەر گرێکوێرە و ئەگەر زیاتریش داکۆکی لەسەر بکرێت ئەوا رەوشێکی وەکو فەلەستین ـ ئیسرائیل لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە. هەربۆیە تاکە بژاری چارەسەری کێشەی کورد و تەواوی کێشەکانی ئێراق رێگە چارەی دیموکراتییانە و دیموکراتیزەبوونە.

لە کاتێکدا باس لە هێرش و دەستێوەردان بۆ سەر ئێراق دەکرێت، شەرەفمندانەترین هەڵوەستە ئەوەیە کە لەسەر بنەمای دینامیکییەتی خودی کۆمەڵگا گۆڕانکاری دیموکراتیك ئەنجام بدرێت، چونکە پێویستییەکی سەردەم و داخوازی گەلانی ئێراقە، دەبێ گەلانی ئێراق خاوەندارێتی لە خۆیان بکەن. بەمجۆرە رێگا لە دەستێوەردانەکانی دەرەوە دەگیرێت" ئەگەرنا، لە ئەنجامی سەپاندنەکانی هێزە دەرەکییەکانیش بێت، دیسان گۆڕانکاری تاکە بژارە.

لە رەوش و هەل و مەرجی ئێستای جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین، بۆ ئەوەی بزاڤی نەتەوەیی ـ دیموکراسی بتوانێ وەڵامی پێویستییەکانی سەردەم بداتەوە و رۆڵی پێشەنگ لە گۆڕانکاری دیموکراتیکی رۆژهەڵاتی ناویندا ببینێ و کێشەکانی ناوچە بە گشتی و بە تایبەتیش کێشەی کورد بەرەو چارەسەری ببات، کوردان لە چوارچێوەی ستراتیژی نوێدا گۆڕانکاری و وەرچەرخانی دیموکراتیکیان ئەنجامدا. بە گوێرەی ئەم وەرچەرخانەش بزاڤی چارەسەری دیموکراسی لە ١٦ گوڵانی ٢٠٠١ راگەێینرا، نزیکەی ساڵێکە خەباتی رێکخستنی، جەماوەری، سیاسی ئەنجامدەدات و تاراددەیەکیش توانیویەتی هەندێ هەنگاو بهاوێژێ و خۆی بگەیەنێتە گەل" بەڵام تەواوی ئەو هەل و مەرجانەی کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا، لە کۆنگرەی یەکەمدا ـ کە لە ماوەی ٣ تا ١٥ی ئادار بەسترا ـ تاوتۆ کران و لە ئەنجامدا پێویستی گەیشتن بە ئاستی پارتیبوون وەکو پێویستییەکی مێژوویی و ستراتژیکی خۆی سەپاند و بە گوێرەی ئەمەش لە کۆنگرەدا بڕیار لەسەر ئەوە درا کە وەکو

5

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان خۆی رابگەیەنێ و رێکبخات" ٥ ی ئادار بە رۆژی دامەزراندنی پارتی راگەێینرا.

پارتیمان، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان، وەکو پێویستییەکی ژیانی بۆ ئێراق و باشووری کوردستان دامەزرا، تاوەکو چارەسەری بۆ تەواوی کێشەکانی ئێراق ببینێ و کۆتایی بە رەوشی هەڵواسراوی و بێچارەیی و بنبەستبوون بێنێ.
ئامانجی سەرەکی پارتیمان ئێراقێکی دیموکراتی فرەلایەنی و کوردستانێکی ئازادە، کە فیدراسیۆنی دیموکراتیکی ھەیالەتەکان

www.kurdistannet.org
02/04/2002 19:32

بەبنەمادەگرێت و، دەوڵەتی یاسا تێیدا بەرقەرارە و لەچوارچێوەی یەکێتی ئازادانەی گەلانی ئێراق و ڕێگا چارەی دیموکراتیك و بە بێ دەستکاریکردنی سنوورە سیاسییەکان، چارەسەرکردنی کێشەی کورد و تەواوی کێشەکانی ئێراق لە جێی خۆیدا دەبینێ“ بەمجۆرە دان بە مافی دیموکراتی و کولتووری و نەتەوەیی تەواوی نەتەوە و کەمەنەتەوە و گروپ و ئایین و ئایینزاکان دادەنرێت، دەرفەتی ئازادی ڕادەربڕین و پێشکەوتنی ئازادانە بۆ تاك و تەواوی ئەم گروپانە دابین دەکرێت.

پارتیمان تێکۆشانی سیاسی و دیموکراتیك بە شێوازی هەرە ڕاست و بەجێی تێکۆشان دەبینێ بۆ وشیار کردنەوە و ڕێکخستن و ئاراستە کردنی کۆمەڵگا بۆ سەقامگیر کردنی ئاشتی و جێگیرکردنی دیموکراسییەت“ لەم پێناوەشدا گرنگی بە تێکۆشانی ڕێکخراوە جەماوەری و دیموکراتیەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەدات و وەکو ئامرازێکی سەرەکی دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و دەوڵەتی دەبینێ. بەڵام سەربارى ئەمەش بەرامبەر بە هەر هێرش و دەست درێژییەك كە بكرێتە سەر گەلی کوردستان، چەمکی بەرگری ڕەوا بە مافێکی خۆی دادەنێ و بەکارنەهێنانی ئەم مافە بە پێشێل کردنی ماف و خۆبەدەستەوەدان دەبینێ. هەرلەم پێناوەشدا "هێزی بەرگری نەتەوەیی" ( (HBNئاوا دەکات و ڕێکیدەخات.

لەبەر ئەوەی ژنان وەکو ڕەگەز لە هەموو توێژەکانی دیکە زیاتر دەچەوسێنرێنەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگا پێکدێنن و تاوەکو ئێستا وزەکەیان بە شاراوەیی ماوەتەوە و بەکارنەهێنراوە و، گەوهەریان زیاتر نزیکی ئاشتی و ئازادی و یەکسانیە و ئەو دیموکراتیزەبوونەی ژن ئەنجامی بدات، دیموکراسی لە ناو تەواوی کۆمەڵگا بەدی دێنێ، ژنان ڕۆڵی پێشەنگایەتی دەبینن لە تێکۆشانی دیموکراتیکدا و دەبنە پردێکی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی یەکێتی ئازادانەی گەلانی عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشووری لە ئێراق و دەستەبەرکردنی برایەتی گەلان لە ناوچەکەدا. پارتیمان تێکۆشانی



نەتەوەیی و چینایەتی و ڕەگەزی بەیەکەوە گرێدەدات. شانبەشانی ژنان، لاوانیش هێزی دینامیکی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی دیموکراتیکن و دەتوانن ڕۆڵی لەپێشینە لەم تێکۆشانەدا ببینن و پارتیمان ڕۆڵێکی تایبەتیان پێدەدات.پارتیمان پارتێکی جەماوەرییە، تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە خۆوە دەگرێت، زەحمەتکێشان بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی تێکۆشان دەبینێ، بەبێ جیاوازی ڕۆڵی تایبەت بە ڕۆشنبیران، مامۆستایان، کاسبکاران، و توێژەکانی دیکە دەدات، دەسەڵاتی گەل بە بنەما دەگرێت و پارتییێکە بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی گەلی کورددا دەسەڵات بە گەل دەدات.

بۆ تەواوی هێزە دیموکراسیخواز و نیشتمانی و وڵاتپارێزەکان

بەرپرسیارێتی مێژوویی و ئەو ڕەوشەی لە ئارادایە ئەوە دەکات بە پێویستییەك كە دینامیکیەتی خودی کۆمەڵگای ئێراق و باشووری کوردستان بۆ هەر گۆڕانکارییەکی چاوەڕوانکراو لە ئێراق بە بناخە بگیردرێت. بەمجۆرە لە جیاتی پشتبەستن بە هێزە دەرەکییەکان، یەکێتی ڕیزەکانی گەل و لایەن و هێز و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان و تەواوی ئێراق ئەرکێکی ژیانی و دەست لێبەرنەدراوە. لەم پێناوەشدا ئاواکردنی بەرەیەکی ئێراقی دیموکراتی سەرتاسەری خۆی دەسەپێنێ. ئێمە وەکو پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان لە پێناو ئێراقێکی دیموکراتی فرەلایەنەدا ڕێککەوتن و پەیوەندی نێوان تەواوی ڕێکخراوەکان لە پێویستییەك زیاتر، بە ئەرکێك دەبینین و ئامادەبوونی خۆمان ڕادەگەیەنین. لە هەمان کاتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد ڕێککەوتن و یەك ئیرادەیی تەواوی ڕێکخراو و هێز و لایەنەکانی کوردستان بە مەرجێکی سەرەکی و لەپێشینە دەبینین. لەم چوارچێوەیەدا داوا لە تەواوی لایەنەکان دەکەین کە هەوڵەکان بکرێت بە یەك، بۆ کۆتایی

www.kurdistannet.org
02/04/2002 19:32

هێنان بە ڕەوشی پارچە بوون و دووبەرەکی و بە هەڵواسراوی مانەوەی کێشەکان و دۆخی "نە شەڕ، نە ئاشتی" و گەیشتن بە هاوپەیمانێتی نەتەوەیی و ڕێککەوتنێکی دیموکراتییانە و سەقامگیر کردنی ئاشتی و ئارامی و پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل.

پارتیمان بۆ دەسەڵاتێکی دیموکراتی فرەلایەنی تێدەکۆشی، کە گەل تێیدا دەسەڵاتدار بێت و، پشتگیری لەم جۆرە دەسەڵاتە دەکات و دژی چەمکی تاکەحیزبی و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی و ناوچەگەرێتی و بنەماڵەگەرێتی دەوەستێت، لە جیاتی کولتووری میلیتاریستانەی ڕژێم و کولتووری فیۆداڵ ـ بۆرژوای چینی باڵادەستی کورد، بەجێکردنی کولتووری دیموکراتیك بە بنەما دەگرێت،



جیاوازی کولتوور بە دەوڵەمەندی دەبینێ و ڕێزگرتن لە بیر و باوەڕی جیاواز بە پێوانەیەکی سەرەکی دیموکراسی دەزانێ، لە جیاتی ڕەتکردنەوەی یەکتری، پێشبڕکێیی سیاسی و دیموکراتیك بە بنەما دەگرێت. لەم پێناوەدا بانگەوازیمان بۆ تەواوی ڕێکخراو و هێز و لایەنەکان ئەوەیە کە بەیەکەوە وەڵامی ئەم ئەرك و پێداویستییە ژیانی و مێژووییە بدەینەوە و چارەنووسی گەل و وڵات یەکلابکەینەوە و بۆ هێزە بەرژەوەندیخوازەکان بەجێی نەهێڵین.

بۆ گەلە قارەمانەکەمان لە باشووری کوردستان

ساڵانێکی درێژە گەلەکەمان لە نێو ڕەوشێکی نالەباردا دەژی و ستەم و نەهامەتییەکی زۆری بینیوە و سەرباری ئەمەش لە پێناو پاراستنی هەبوونی خۆی بەردەوام بەرامبەر بە هێرشەکانی جینۆساید و قڕکردن و لەناوبردن بەرخودانی کردووە و ڕووبەڕووی دەست درێژیەکان بۆتەوە. لەم پێناوەشدا هەموو جۆرە فیداکاریەکی کردووە و ماڵ و گیانی خۆی کردۆتە قوربانی و بەردەوام لە نێو ئاوارەیی و دەربەدەری و مەرگەسات دا بووە کە وەکو قەدەرێك بەسەریدا سەپێنراوە.

دوای بەرپاکردنی ڕاپەڕینە مێژووییەکەی ئاداری ١٩٩١ هەموو هیوا و ئاواتەکانی گەل ئەوە بوو بە ئازادی بگات و مافەکانی بەدی بێ، بەڵام شەڕی ناوخۆیی و کێشە هەمەلایەنەکان و قووڵکردنەوەی بنبەستبوون، هیوا و ئومێدەکانی گەلی تێکشکاند. لەم دە ساڵەدا گەل چەندین نەهامەتی چەشت و بەهۆی بەرژەوەندیە گشتییەکان بەرامبەر بەم ڕەوشە بێدەنگ مایەوە" بەڵام لە ئەنجامدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەوشی بەرەو خراپی چوو، گەل لە خۆی نامۆ کرا، بێچارەیی و بێ ئومێدی کرا بە چارەنووسی. ئیتر ئەمڕۆ گەل گەیشتۆتە ڕادەیەك چیدی بەرگەی ئەم ڕەوشە ناگرێت، بە هەڵواسراوی مانەوەی کێشەکان پەسند ناکات و داخوازی چارەسەری و ئاشتی و ئارامی و ئازادی بۆتە تاکە بژاری ئەو. ئیتر گەل دەخوازێ بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزی و خاوەن لە دەسکەوتەکانی خۆی دەربکەوەێ. پارتیمان نوێنەرایەتی ئەم داخوازی و ئیرادەیەی گەل دەکات و لەم پێناوەشدا دامەزراوە. ڕێککەوت نییە کە کۆنگرەی دامەزراندنی پارتیمان و ڕاگەیاندنی لە مانگی ئادار بوو. ئەو مانگەی کە گەلی کوردی تێیدا قڕکرا و هەڵەبجەی تێیدا شەهید کرا، ئەو مانگەی ڕاپەڕینە جەماوەریە شکۆدارەکەی تێیدا ئەنجامدرا، مانگی نەورۆز کە جەژنی نەتەوەیی و یەکێتی گەلانی ناوچەکەیە. پارتیمان بە ئامانجی کۆتایی هێنان بە جینۆساید و هەڵەبجەکان دەرکەوت، کە ئەمەش لە ڕێی گەیشتن بە چارەسەری بەدی

دێت. بۆ پاراستن و پێشخستنی دەسکەوتەکانی راپەڕین دامەزرا، لە پێناو خاوەندارێتی کردن لە نەورۆز و دووبارە کردنەوەی نەورۆزی هاوچەرخ سەریهەڵدا، کە لە میانەی گەیشتنی کوردان بە ئازادی، تەواوی گەلانی ناوچە بە ئازادی و دیموکراسی بگەیەنێت و ببێتە پرد بۆ برایەتی نێوان گەلان. پارتیمان پێوانە باوەکانی ناوچەگەرێتی تێپەڕدەکات، پەیوەندی نێوان گەلی کورد لە پارچەکانی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی بە بەردی بناخەی یەکێتی ئازادانەی گەلانی ناوچە دەبینێ.

راستە، گەل قوربانی زۆری داوەو فیداکارییەکی زۆری کردووە، بەڵام لەم قۆناخە هەستیار و چارەنووس سازەدا پێویستی بە فیداکاری و قوربانی گەل هەیە و لەو باوەڕەداین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی، لەم لایەنەدا کەمتەرخەمی نەکردووە و ناکات و بۆ خاوەندارێتی کردن لە خۆی و دەسکەوتەکانی بە هەموو بوێری و دلێرییەکەوە ئامادەیە و دەبێتە قەڵایەکی پۆڵایینی تێکۆشانی دیموکراسییانە" لەسەر ئەم بنەمایەش بەڵێن و پەیمانی پارتیمان ئەوەیە کە ببێتە رۆشنکەرەوەی رێگای گەل و بەهەرچی بەهایەك بێت با بێت، گەل وشیار بکاتەوە و رێکبخات و ببێتە هێزی چارەسەری و باوەڕی و ئۆمێدی گەل و درێژەپێدەری رێگای شەهیدان بێت و هەر بە پشت بەستن بە گەل بە سەرکەوتن بگات. بژی ئێراقێکی دیموکراتیك، کوردستانێکی ئازاد!

بژی پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

بژی یەکێتی ئازادانەی گەلانی ئێراق

بژی دەسەڵاتی گەل

بمرێ هەموو شێوازێکی دیکتاتۆریەت و پاوانخوازی و وابەستەیی

نەمری بۆ شەهیدانی رێگای ئازادی و دیموکراسی

بژی سەرۆکی نەتەوەییمان، سەرۆك ئاپۆ

پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان

**2/4-2002**

©Kurdistan Net